نێچیرڤان بارزانی: پێویستە هەمومان پەند لە مێژو وەربگرین

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ناوچەکە لەناو ئاڵۆزی و مەترسییەکانی پەرەسەندنی شەڕدایە، "ئەم دۆخە ئاڵۆزەی پێمان دەڵێت کە پێویستە هەمو لایەک بە هەستیاری و بەرپرسیارییەتییەوە مامەڵە بکەن"، دەشڵێت، "لە عێراقیش پێویستە هەمومان پەند لە مێژو وەربگرین و سەقامگیری بە یەکترقبوڵکردن و چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی و دادپەروەری بەدیدێت".

نێچیرڤان بارزانی ئەمڕۆ چوارشەممە لە پەیامێکدا بەبۆنەی یادی 56 ساڵەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970، رایگەیاند، "ئەو ڕێککەوتننامەیە گەورەترین دەستکەوتی سیاسی و یاسایی بو، وەک یەکەم بەڵگەنامەی فەرمیی دانپێدانان بە مافەکانی گەلی کوردستان لە مێژوی هاوچەرخدا تۆمارکرا و بوە بنەمای هەمو دەستکەوتەکانی دواتری هەرێمی کوردستان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار تەنها دەستکەوتێکی نەتەوەیی نەبو، بەڵکو نەخشەڕێگەیەکی دروست و نمونەیی بو بۆ چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوەژیان لە عێراقدا، مێژو سەلماندی کە پاشگەزبونەوەی دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق لەو ڕێککەوتنە و پەنابردن بۆ لۆژیکی هێز لەجیاتی گفتوگۆ، عێراقی ڕوبەڕوی چەندین دەیە شەڕ، ماڵوێرانی، ناسەقامگیری و بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی و

ماددییەکان کردووە کە تا ئەمڕۆش باجی ئەو هەڵە مێژووییانە دەدات.

نێچیرڤان بارزانی لەو راگەیەندراوەکەدا دەڵێت، "لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە، ناوچەکەمان لەناو ئاڵۆزی و مەترسییەکانی پەرەسەندنی شەڕدایە، ئەم دۆخە ئاڵۆزە پێمان دەڵێت کە پێویستە هەمو لایەک بە هەستیاری و بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵە بکەن و کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن و ڕێگە لە تەشەنەسەندنی زیاتری شەڕ و ئاڵۆزییەکان بگیرێت".

ئەوەش خراوەتەڕوو، "لە عێراقیش پێویستە هەمومان پەند لە مێژو وەربگرین و بزانین کە سەقامگیری بە یەکترقبوڵکردن و چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی و دادپەروەری بەدیدێت".

هەروەها دەڵێت، "جەخت لەسەر یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە کوردستانییەکان دەکەینەوە وەک تاکە گەرەنتی بۆ پاراستنی قەوارەی فیدراڵی و دەستکەوت و مافە دەستورییەکانمان، با پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی کوردستان و عێراق لە مەترسییەکانی شەڕ دور بخەینەوە و داهاتویەکی گەشتر، ئاوەدانتر و پڕ لە ئاشتی بۆ نەوەکانمان بنیات بنێین".